# ڕۆڵی پراکتیزەکردنی ئەپڵیکەیشنەکانی(G-Suite) لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا، زانکۆی سەڵاحەدین بەنمونە

**ID No.2219**

(PP 178 - 189)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.1.12

**هەردەوان مەحمود کاکەشێخ**

زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر/ بەشی ڕاگەیاندن

hardawan@su.edu.krd

**نبيل عادل فخرى**

زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر/ بەشی کیمیا

nabil.fakhre@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2018/05/06**

**پەسندکردن : 2018/11/28**

**بڵاوکردنەوە : 2019/02/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی پراکتیزەکردنی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن کە بە(G-Suite) ناسراوە لەسەر باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی لە زانکۆدا، کە زانکۆی سەڵاحەدین بەنمونە وەرگیراوە. ئەوەش لە ڕێگەی دیدو تێڕوانینی بەرپرس و ئەندامانی دڵنیایی جۆری کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆی سەڵاحەدین. بە ئامانجی ئاشنابوون بەو دەرفەت و هەلانەی کە ئەم ئەپڵیکەیشنانە فەراهامی دەکەن بۆ باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە کۆلێژو بەشەکاندا چ لە ڕووی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و کۆکردنەوەیان لە ڕایەڵەیەکی هاوبەشدا، هەروەها لە ڕووی شێوازو شیکردنەوەی هەڵسەنگاندنی داتاکانەوە، بەئامانجی ئەوەی کە مامۆستا بۆ خۆی بتوانێ چالاکییە ئەکادیمی و زانستییەکانی خۆی بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین ئەرشیف بکات و هاوکات پێکهێنانی داتابەیسێکی فراوان بۆ کۆکردنەوەی تەواوی زانیارییەکان لە شوێنێکی پارێزراودا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەکی گشتی توانای ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن بخرێتەڕوو لەگەڵ ئەو بوارانەی کە ئەم ئەپڵیکەیشنانەی تێدا بەکاردێت، تاوەکو بەهۆی ئەم ئەپڵیکەیشنانەوە کارەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆدا بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەبچێت، ئەویش بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن.

## پێشەکی

گومان لەوەدا نییە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە گەشەکردنێکی بەردەوامدایە لەڕووی بەرهەمهێنان و فەراهام کردنی ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت ئەو ئەپڵیکەیشنانەی کە بەشێوەی ئۆنلاین کاردەکەن، کە توانا و دەرفەتی زیاتر بۆ بەکارهێنەر و پێکەوە بەستنەوە و بەڕێوەبردنی هاوبەش"Sharing" بۆ داتاکان فەراهام دەکەن.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنانە لە زۆربەی وولاتانی پێشکەوتوو زۆرێك لە زانکۆو پەیمانگەکان ناچاربوون خۆیان لە شێوەی ڕایەڵەیی(Networking) ڕێکبخەنەوە بەوجۆرەی کە بگونجێت لەگەڵ ئەم قۆناغە و گۆڕانکاریی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، بەمەش زانکۆو پەیمانگەکان دەتوانن داتاو زانیارییەکانیان نوێ بکەنەوە و بەشێوازێکی باشتر و لەبارتر کەڵکیان لێوەربگرن، و لە بەڕێوەبردنی پرۆسە ئەکادیمی و زانستییەکاندا بەکاریان بهێنن (رباعية، 2015).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەکی گشتی توانای ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن بخرێتەڕوو لەگەڵ ئەو بوارانەی کە ئەم ئەپڵیکەیشنانەی تێدا بەکاردێت، تاوەکو بەهۆی ئەم ئەپڵیکەیشنانەوە کارەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆو پەیمانگەکاندا بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەبچێت، ئەویش بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بریتییە لە میتۆدی توێژینەوە، بەشی دووەم تایبەت کراوە بە باسکردن لە ئەپڵیکەیشنەکانی (G-Suite) و گرنگی بەکارهێنانیان لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا کە لە سێ خاڵدا ڕوونکراوەتەوە، بەشی سێیەم بریتییە لە لایەنی پراکتیکی کە تایبەتە بە شیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسیی و تێبینیکردنەوە وەدەست هاتوون. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا توێژەران چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەکیان خستووەتەڕوو، تاوەکو زانکۆو

پەیمانگەکان بتوانن بەشێوازێکی دروست سوود لەو ئەپڵیکەیشنانەی گووگڵ وەربگرن لە باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە**

**یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە**

**1-کێشەی توێژینەوە:**

ئەو پەیامەی کە کۆمپانیای "گووگڵ" لە ڕێکخستنی داتاو زانیارییەکانی سەرتاسەری جیهاندا کاری بۆ دەکات، لە فراوانکردنی سوودەکان و گەیشتن پێیان بەئاسانی. وایکردووە لە زۆربەی تەحدییەکاندا سەرکەوتوو بێت. ئەمەش وایکردووە لە وولاتانی پێشکەوتوو زۆربەی زانکۆو پەیمانگەکان لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی داتاکانیان سوود لەم ئەپڵیکەیشنانەی گووگڵ وەربگرن (رباعية، 2015).

کێشەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەوەی لەگەڵ فەراهامبوونی ئەم ئەپڵیکەیشنانە بەڵام تاوەکو ئێستاش بەشێك لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی پرۆسە کارگێڕییەکانی وەکو دڵنیایی جۆریی، هەر بەشێوازی کۆن و لەسەر کاغەز داتاکان کۆدەکەنەوە و ئەرشیفییان دەکەن، کە ئەمەش بەفیڕۆدانی کات و توانای مادی و مرۆیی لێدەکەوێتەوە.

**2-گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

أ-لەڕووی تیۆرییەوە ئاماژەدانە بەشێوازێکی نوێی بەڕێوەبردنی داتاوزانیارییەکان بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان کە لە پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا کەڵك لە تەکنەلۆژی نوێ وەربگرن.

ب- لەڕووی پراکتیکییەوە خستنەڕووی بۆچوونەکانی توێژێکی گرنگی ستافی ئەکادیمییە لە بەرپرس و ڕێکخەرانی دڵنیایی جۆریی، سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن لە پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا.

ج- لەڕووی داراییەوە خستنەڕووی سودی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشنە، کە دەتوانرێ سوود لەم ئەپڵیکەیشنانەوە وەربیگیریت بۆ بونیادنانی داتابەیسێکی فراوان و هەمە لایەن، بەبێ ئەوەی هیچ تێچوونێکی دارایی بکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە ئەکادیمییەکان.

د- بەرزکردنەوەی ئاستی توانای مامۆستایانی زانکۆ لە کارامەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا.

**3-ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ-ناساندنی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن (G-Suite)و خستنەڕووی ڕۆڵ و تایبەتمەندی هەریەك لەو ئەپڵیکەیشنانە.

ب-خستنەڕووی بایەخ و کارئاسانیی ئەپڵیکەیشنەکان لەبواری کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و ئەرشیف کردنیان بەشێوەی ئۆنلاین.

ج-هەنگاوەکانی بە ئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشنەوە.

**4-پرسیارەکانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەران هەستاون بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك لە بەرپرسان و ئەندامانی دڵنیایی جۆریی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ئاستی کۆلێژ و لەسەر ئاستی بەشەکان، تاوەکو لە ڕێی وەڵامی پرسیارەکانەوە ڕۆڵ و گرنگی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ لە بەڕێوەبردنی کارەکانی دڵنیایی جۆریدا بخەڕێتەڕوو.

أ- ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ چییە و لە چ بوارێکدا بەکاردێت؟

ب- ئایا بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی هەنگاوێکی پێویستە؟

ج - ئایا ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی گونجاوە؟

د- ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە چین کە لە بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی دێنە پێش؟

**دووەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە بەرپرسان و ئەندامانی دڵنیایی جۆریی زانکۆی سەلاحەدین، سامپڵی ئەم توێژینەوەش بریتییە (63)مامۆستا لە بەرپرسان و ئەندامانی دڵنیایی جۆریی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ئاستی کۆلێژ و بەشەکان، کە بەشێوەی هەڕەمەکی بەئەنقەست دەستنیشانکراون. دەستنیشانکردنی ئەم سامپڵەش لەبەر ئەم هۆکارانەیە:

1- ماوەی دوو ساڵە کارەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی لە زانکۆی سەڵاحەدین کراوەتە ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین.

2- ئەو مامۆستایانەی کە وەك سامپڵ دەستنیشانکراون، بە پراکتیکی ئەزموونی کارەکەیان کردووە و ئاگاداری ووردەکارییەکانی پرۆسەکەن و زانیاری تەواویان لەبارەیەوە هەیە.

3- زانکۆی سەڵاحەدین لە ڕووی ژمارەی مامۆستایان و ستافی ئەکادیمیەوە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا لەخۆدەگرێت، ئەگەر پرۆسەکە لێرە سەرکەوتووبێ دەکرێ بە ئاسانی لەسەر زانکۆو پەیمانگەکانیتریش جێبەجێ بکرێت.

4- توێژەران شارەزاییان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریی هەیە، ئاشنان بەتەواوی زانیاری و وردەکارییەکانی پرۆسەکە.

**سێیەم: بوارەکانی توێژینەوە:**

1-بواری مرۆیی: بواری مرۆیی ئەم توێژینەوە بریتییە لە بەرپرس و ئەندامانی دڵنیایی جۆریی زانکۆی سەڵاحەدین.

2-بواری کات: ئەم توێژینەوەیە لە بەهاری ساڵی خوێندنی 2016-2017 ئەنجام دراوە.

3-بواری شوێن: لە ڕووی شوێنەوە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر دەستنیشانکراوە.

چوارەم: ڕێبازی توێژینەوە

جۆری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوەیەکی وەسفی، کە ڕاڤەکردنێکی ورد بۆ ئەو داتاو زانیارییانە دەکات کە توێژەران خستوونیانەتەڕوو، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و سەرنج و تێبینیکردنی وەکو کەرەستە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان بەکارهێناوە. کە ئەم ئامرازانەش یەکێکە لەو کەرەستە گونجاوانەی کە بۆ کۆکردنەوەی داتاوزانیارییەکان بەکاردێت.

**چوارەم: چەمکەکانی توێژینەوە**

1- ئەپڵیکەیشن(Application): کە کورتکراوەکەی دەبێتە ئەپ(App)، برتییە لە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری ئامادەکراو بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدانی چەند کردار و ئەرکێك.

2- ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن (G-Suite Apps): بریتین لە کۆمەڵێك ئامرازو پرۆگرامی چارەسەری هاوبەشانە کە لەلایەن گووگڵەوە بۆ بەکارهێنەران فەراهامکراوە، دەکرێت کەڵك لەم ئەپڵیکەیشنانە وەربگرین لە بواری بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و ئەرشیف کردنیان (monash، a2015) لە زۆربەی زانکۆکانی ووڵاتە پێشکەوتووەکاندا سوود لەم ئەپانە وەردەگرن لەبوارە جیاوازەکانی خوێندن و فێرکردنی زانکۆییدا.

3- ڕۆڵ (Role): مەبەست لە ڕۆڵ ئەو ئەرك و توانا تایبەتانەیە کە ئامرازێك لەپرۆسەیەکی دیاریکراودا دەیگرێت (A.Wegmann، 2000).

4-پرۆسەی دڵنیایی جۆریی(Quality Assurance): بریتییە لە چەند پرۆسەیەك کە ناوەندێکی ئەکادیمی پێی هەڵدەستێت بە ئامانجی پاراستن و باشترکردنی ئاستی کوالیتی دامەزراوەکە، کە ئەمەش شێوازی وانەوتنەوەو فێرکردن و ئەنجامدانی چالاکییە ئەکادیمییەکان دەگرێتەوە (الربیعي 2008).

5-ناوی دۆمەین (Domain Name): بریتییە لە ناونیشانی فەرمی تایبەت بە وێبسایتێکی دیاریکراو (حواس، 2013)، بۆ نمونە دۆمەینی وێبسایتی زانکۆی سەڵاحەدین بریتییە لە www.su.edu.krd .

**بەشی دووەم: ئەپڵیکەیشنەکانی (G-Suite) و گرنگی بەکارهێنانیان لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا**

**یەکەم: ئەپڵیکەیشنەکانی (G-Suite)**

ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن کە بە(G-Suite) ناسراوە بریتین لە کۆمەڵە پرۆگرامێکی ئامادەکراو کە بەشێوەی سەرهێڵ(Online) کاردەکەن و ژمارەیان لە 30 ئەپڵیکەیشن زیاترە، هەر یەك لەم ئەپڵیکەیشنانەش چەند خزمەتگوزارییەك بۆ بەکارهێنەر فەراهام دەکات. ئامانج لەم خزمەتگوزارییانەش کارئاسانییە بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان بە فەراهام کردنی چەند ئامرازێك کە وادەکات بە کاتێکی کەمتر و بە ماندووبوونێکی کەمتر کارەکان باشتر بەڕێوەبچن.

هەموو دامەزراوەیەکی ئەکادیمی چ زانکۆ بێت یاخود پەیمانگە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند هەنگاوێك دەتوانێ هەژمارێك لە گووگڵ ئیجوکەیشن بکاتەوە و وێبسایتی دامەزراوە ئەکادیمییەکە بە تەواوی خزمەتگوزارییەکانی(G-Suite) ببەستێتەوە بێبەرامبەر(*).

(*)بۆ بەستنەوەی وێبساتی زانکۆ بە سیستمی گووگڵ ئیجوکەیشن لە ڕێی ئەم لینکەوە هەنگاوەکان ئەنجام دەدرێت: https://edu.google.com

لەکاتێکدا ئەم بەشداربوونە لەم خزمەتگوزارییانە بۆ دامەزراوەکانیتر بەپارەیەو تەنها بۆ زانکۆو پەیمانگەکان بەخۆڕاییە. گرنگترین ئەو ئەپڵیکەیشنانەی (G-Suite) فەراهامی دەکات بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان بریتین لەمانەی خوارەوە (غانم، 2016):

**-پۆستی ئەلیکترۆنی جیمەیڵ (Gmail):** خزمەتگوزاری پۆستی ئەلیکترۆنیی جیمەیڵ، بێسنور ئیمەیڵ لەسەر هەمان "دۆمەین نەیم"ی دامەزراوە ئەکادیمییەکە فەراهام دەکات. واتە هەموو دامەزراوەیەکی ئەکادیمی پاش بەشداریکردنی لە خزمەتگوزاری گووگڵ ئیجوکەیشن، دەتوانی بێسنور ئیمەیڵی فەرمی لەسەر هەمان دۆمەین نەیمی دامەزراوە ئەکادیمییەکە دروست بکات، بۆ نمونە (staffname@su.edu.krd). ئەمەش وادەکات ئەو دامەزراوە لە دروستکردنی ئیمەیڵدا هیچ خەرجییەکی نەیەتە ئەستۆ و هەروەها بارگرانی لەسەر سێرڤەری وێبساتی دامەزراوەکە دروست نەکات.

**- سایتەکانی گووگڵ (Google Sites):** ئەپڵیکەیشنی سایت، تایبەتە بە دروستکردنی لاپەڕەی ماڵپەڕ"Web page". بەهۆی سوودوەرگرتن لەم ئەپڵیکەیشنەوە، بەچەند هەنگاوێك، دەتوانرێ بێسنور وێبسایت دروست بکرێت بۆ هەر بوارێك کە بەکارهێنەر بیەوێت. هەروەها دەتوانرێ لەگەڵ هەموو جۆرە داتایەك وابەستە بکرێت کە لەناو کۆگای گووڵ(Google Drive) پاشەکەوت کرابێت. جگە لەوەش هەنگاوەکانی دروستکردنی سایت بەهۆی ئەم ئەپڵیکەیشنەوە، پێویستی بەپسپۆڕێتی و شارەزاییەکی زۆری تەکنیکی نییە، بەڵکو چەند کردارێکی ئاسانە و بەکارهێنەر بەماوەیەکی کەم دەتوانێ فێریان ببێت.

**- کۆگای گووڵ (Google Drive):** ئەم خزمەتگوزارییە بریتییە لە کۆگایەك بۆ هەڵگرتن و پاشەکەوت کردنی داتاکان (نووسین، وێنە، دەنگ، ڤیدیۆ) بەشێوەی ئۆنلاین. بەواتایەکیتر ئەم ئەپڵیکەیشنە وادەکات بەکارهێنەر کەمتر پێویستی بە هەڵگرتنی ئامێرەکانی پاشەکەوتکردنی داتاکانی هاوشێوەی "هارددێسك" و "فلاشمیمۆری" ببێت. هەروەها بەکارهێنەر دەتوانێ تەواوی ئەو داتایانەش کە لە درایڤدا پاشەکەوتی کردوون، لەگەڵ بەکارهێنەریتر هاوبەشی "Sharing" پێبکات.

**- دۆکیومێنتەکانی گووگڵ (Google Docs):** ئەپڵیکەشینی دۆکس خزمەتگوزاری نووسینی دەق هاوشێوەی پرۆگرامی (مایکرۆسۆفت وێرد) فەراهام دەکات. بە واتایەکیتر بەهۆی ئەم ئەپڵیکەیشنەوە بەکارهێنەر دەتوانێ فایلی تێکست بەشێوەی ئۆنلاین دروست بکات کە توانای ئەوەی هەیە وێنە و خشتە لەخۆ بگرێت.

**- شیتەکانی گووگڵ (Google sheets):** ئەپڵیکەشینی شیت هاوشێوەی پرۆگرامی (مایکرۆسۆفت ئێکسڵ) کاردەکات، کە دەرفەت بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە داتاکان بەشێوەی خشتە دروست بکا و هەروەها لەگەڵ هەبوونی توانای جێبەجێکردی هاوکێشە ئامارییەکان و دروستکردنی چارت و هێڵکاری و فلتەر کردنی داتاکان، کە ئەمانە یارمەتیدەرن لە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی داتاو زانیارییەکان لەڕووی ئامارەوە.

**- سلایدەکانی گووگڵ (Google Slides):** ئەپڵیکەشینی سلاید خزمەتگوزاری دروستکردنی سلاید هاوشێوەی پرۆگرامی (مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت) فەراهام دەکات، بە واتایەکیتر بەهۆی ئەم ئەپڵیکەیشنەوە بەکارهێنەر دەتوانێ فایلی "پرزێنتەیشن" بەشێوەی ئۆنلاین دروست بکات هەروەها لەگەڵ بەکارهێنەریتر هاوبەشی "Sharing" پێبکات.

**-فۆرمەکانی گووگڵ (Google Forms):** ئەپڵیکەیشنی فۆرم یەکێکە لە ئەپە گرنگەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن، کە بەهۆی ئەم ئەپەوە بەکارهێنەر دەتوانی فۆرمی ڕاپرسی دروست بکات بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری پێویست بەشێوەی ئۆنلاین. کە جۆرەها شێوازی پرسیار ئاراستەکردن و کوێشنەری لەخۆ دەگرێت، هەروەها داتاکانیش لە فایلێکی ئێکسڵدا کۆدەکاتەوە کە بەئاسانی دەتوانرێ شیکار بکرێت.

**-گووگڵ گروپ (Google Groups):** ئەپڵیکەیشنی گروپ بۆ بونیادنانی کاری پێکەوەیی و بەکۆمەڵە، واتا بەهۆی ئەم خزمەتگوزارییەوە بەکارهێنەر دەتوانێ گروپێکی تایبەت دروست بکا بۆ ئەنجامدانی کارێك بەجۆرێك کە ئەم گروپانە بەردەوام لە پەیوەندیدا دەبن لەگەڵ یەکتری بەهۆی ئیمەیڵەوە. هەروەها لەناو گروپدا ئەو تایبەتمەندییەش ڕەخساوە کە دەتوانرێ هەندێ بابەت بە تایبەت "Private" بۆ چەند کەسێکی ناوگروپەکە بنێردرێ و هەندێ بابەتیش بەشێوەی گشتی"Public" بۆ هەموو بەشداربووەکانی ناوگروپەکە بنێردرێت.

**-گووگڵ هەنگئاوت (Google Hangouts):** ئەم ئەپڵیکەیشنە تایبەتمەندی پەیوەندیکردنی دەنگیی و ڤیدیۆیی بۆ بەشداربووان فەراهام دەکات. واتە دەکرێ لە ڕێی ئەم ئەپەوە ڤیدیۆکۆنفرانس بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجام بدرێت، هەروەها دەتوانرێ پەخشی ڕاستەوخۆی بۆ کۆڕوکۆبوونەوە زانستییەکانی پێ ئەنجام بدرێت.

لە پرۆسە کارگێڕییەکاندا بە زۆر شێواز دەتوانرێت کەڵك لەو ئەپڵیکەیشنانە وەربگیرێت کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا، بەتایبەتی لە ئەپەکانی سایتەکانی گووگڵ، شیتەکانی گووگڵ، فۆرمەکانی گووگڵ، هەروەها درایڤی گووگڵ (مصطفى، 2016). چونکە لە ئێستادا

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستیش لە پرۆسە کارگێڕییەکانی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکاندا(NUR) پشت بەم ئەپڵیکەیشنانە دەبەستێت، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ گرنگیی و سوودەکانی ئەم ئەپڵیکەیشنانە. هەرچەند ئەوانەی کە پێشتر ڕوونکرایەوە تەنها چەند ئەپڵیکەیشنێك بوون، جگە لەوانەش چەندان ئەپڵیکەیشنی دیکە لەخۆدەگرێت بەڵام لەبەر زۆری ئەپڵیشنەکان، لەم توێژینەوەیەدا تەنها ئاماژە بەو ئەپڵیکەیشنانە دراوە کە لە کارەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریدا دەتوانرێ سوودیان لێوەربگیرێت.

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی ئەپڵیکەیشنەکانی (G-Suite)**

ئەپەکانی گووگڵ ئیجوکەیشن چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ لەخۆدەگرن، دەکرێ ئەو تایبەتمەندیانەش لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو (الرحيلي، 2013):

**- هاوبەشیپێکردن و پێکەوەکارکردن (Collaboration & Sharing)**

تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەپەکانی گووگڵ بریتییە لە هاوبەشیپێکردن(Sharing) و پێکەوەکارکردن (Collaboration)، کە لە زۆربەی ئەپڵیکەیشەنەکانی گووگڵدا ئەم دوو خەسڵەتەیان تێدا فەراهەم کراوە. خەسڵەتی هاوبەشیپێکردن(Sharing) واتە بەکارهێنەر دەرفەتی دەستڕاگەیشتن(Access) بە بەکارهێنەری دیکە دەدات کە فایل و فۆڵدەرەکانی ببینن و کاری لەسەر بکەن، دەستڕاگەیشتن بەداتاکانیش چەند ئاستێکی(Level) هەیە، ئاستێك تەنها مافی تەماشاکردنی هەیە، ئاستێك کە بەکارهێنەری دیکە دەتوانن گۆڕانکاری لە داتاکان بکەن و هاوکاریت بکەن(Collaboration)، واتە لەهەمانکاتدا زیاتر لە چەند بەکارهێنەرێك دەتوانن پێکەوە کار لەسەر هەمان فایل بکەن، هەروەها ئاستێك کە بەکارهێنەرەکانی دیکە تەنها دەتوانن کۆمێنت بنووسن و مافی گۆڕانکاری کردنیان لە داتاکاندا نییە.

**- خێرایی و پاشەکەوتکردنی کات (Speed & Saving Time)**

تایبەمەندی هاوبەشیپێکردن و پێکەوەکارکردن لەسەر هەمان فایل و داتاکان، وادەکات بە کات و ماندووبوونێکی کەمتر زۆرترین کار ئەنجام بدرێت. بۆ نمونە دەتوانی بە کلیکێك یەك ئیمەیڵ بۆ هەزاران کەس بنێریت، یاخود کاتێك فایلێك لە نێوان چەند بەکارهێنەرێکدا شێر دەکرێت، هەموویان پێکەوە و لەهەمان کات دەتوانن کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات چاوەڕێی تەواوبوونی کارەکانی یەکتری بکەن.

**- ئاسانی لە بەکارهێنان و بێبەرامبەرە(Free & easy to use)**

ئەپەکانی گووگڵ بەوە جیادەکرێنەوە کە بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان بەخۆڕایی و بێبەرامبەرن، هەروەها ڕووکارێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و فێربوون و کارکردن لەسەری بۆ بەکارهێنەر ئاسانە. جگە لەوەی هیچ بیرگەی(Storage) پێویست نییە و سەرجەم داتاکان بەشێوەی ئۆنلاین پاشەکەوت دەبن.

**- هاوڕێی ژینگەیە (Environmentally Friendly)**

بەکارهێنانی ئەپەکانی گووگڵ وادەکات کەمتر پشت بە بەکارهێنانی کاغەز ببەسترێت لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکاندا، کە ئەمەش وادەکات ڕێژەیەکی کەمتر ببێتە سەرچاوەی پیسبوونی ژینگەدا، بەڵکو سەرجەم کارەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین بەڕێوە دەبرێن.

**سێیەم: سوودەکانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ لە بە ئەلیکترۆنیکردنی پرۆسە کارگێڕییەکاندا**

ئەگەر بپرسین ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆسە کارگێڕییەکاندا زەرورەتە یاخود تەنها تازەگەرییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەرئەنجامی ئەو توێژینەوە زانستیانەی کە لەمبوارەدا ئەنجام دراون. لە دەرئەنجامی بەشێك لەو توێژینەوانەدا بەو ڕاستییە گەیشتوون کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا زەرورەتە، چونکە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆسە کارگێڕییەکاندا دەبێتە مایەی سوودوەرگرتن لەکات، کەمکردنەوەی تێچوونی دارایی و هەروەها ئاسودەیی لە کارکردن. جگە لەوەش لە ڕوانگەی ئەو ئەزموونانەی کە توێژەران لەمبوارەدا ئەزموونیان کردووە، کە زیاتر لە (3)سێ ساڵ وەك ئەندامی لیژنەی بە ئەلیکترۆنیکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی زانکۆی سەڵاحەدین کار دەکات. دەکرێ لە چەند لایەنێکەوە سوودەکانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ لە بە ئەلیکترۆنیکردنی پرۆسە کارگێڕییەکاندا بخەینەڕوو:

1-ئەنجامدانی پرۆسە کارگێڕییەکانی دڵنیایی جۆریی بەهۆی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵەوە کاتێکی کەمتری پێویستە، و دەتوانرێ باشتر سوود لە کات ببینرێ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکەدا.

2-داتاکان بەشێوەکی باشترو پارێزراوتر هەڵدەگیرێن و ئەرشیف دەکرێن، بەجۆرێك کە دەستڕاگەیشتن پێیان زۆر ئاسانترە، پێویست بە بەکاربردنی ئەو هەموو دۆڵاب و بۆکسفایل و کاغەزە ناکات.

3-هاندەرێکی گرنگە بۆ مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگەکان کە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ ئاشنابن لە پرۆسە کارگێڕییەکاندا.

4-بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ لە پرۆسە کارگێڕییەکانی دڵنیایی جۆرییدا، وادەکات ئەنجامەکان ووردتر و دروستتر و شەفافانەتر بێت، کە ئەمەش ئاسودەیی زیاتر بە مامۆستایان دەبەخشێت.

**بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی، شیکردنەوەی پراکتیزەکردنی ئەپڵیکەیشنەکانی (G-Suite) لەبەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا**

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامان و بەرپرسی دڵنیایی جۆریی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین و ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی کە لە (12) پرسیاری لەخۆگرتبوو، پاش دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر سامپڵی لێتوێژراودا و کۆکردنەوەی داتاکان و شەنوکەوکردنی داتاکان، توێژەران بەم ئەنجامانە گەیشتن:

خشتەی (1) دابەشبوونی ئەندامانی دڵنیایی جۆریی بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| نێر | 38 | %60.3 |
| مێ | 25 | %39.7 |
| کۆی گشتی | 63 | %100 |

لە خشتەی(1)ـەوە بۆمان ڕوون دەبێتە کە ڕێژەی 60.3% ئەندامانی دڵنیایی جۆریی لە ڕەگەزی نێرن، ڕێژەی 39.7% لە ڕەگەزی مێن، واتە ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە ئەندامانی دڵنیایی جۆریی زیاترە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، بەڵام جیاوازییەکەیان لێك نزیکە.

خشتەی (2) دابەشبوونی ئەندامانی دڵنیایی جۆریی بەپێی نازناوی زانستی

| نازناوی زانستی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| پرۆفیسۆر | 0 | %0 |
| یاریدەدەری پرۆفیسۆر | 12 | %19 |
| مامۆستا | 27 | %42.9 |
| مامۆستای یاریدەدەر | 24 | %38.1 |
| کۆی گشتی | 63 | %100 |

لە خشتەی (2) بۆمان ڕووندەبێتەوە، زۆرترین ژمارەی ئەندامانی دڵنیایی جۆریی هەڵگری نازناوی زانستی مامۆستان بەڕێژەی 42.9%، پاشان هەڵگری نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر دێت بەڕێژەی 38.1%، هەروەها ڕێژەی 19% ئەندامانی دڵنیایی جۆریی نازناوی پرۆفیسۆری یاریدەدەرن، بەڵام هیچ پرۆفیسۆرێك ئەندامی دڵنیایی جۆریی نییە.

خشتەی (3) دابەشبوونی ئەندامانی دڵنیایی جۆریی بەپێی ئاستی کارکردن و بەرپرسیارێتییان لە دڵنیایی جۆریی

| ئەزموونی کارکردن / ئاستی بەرسیارێتی | 1ساڵ | 2ساڵ | 3 ساڵ | 4ساڵ | 4 زیاتر | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسی دڵنیایی جۆریی لەسەر ئاستی کۆلێژ | 2 | 3 | 2 | 3 | 4 | %22.2 |
| بەرپرسی دڵنیایی جۆریی لەسەر ئاستی بەش | 14 | 19 | 8 | 1 | 6 | %76.2 |
| بەرپرسی دڵنیایی جۆریی لەسەر ئاستی زانکۆ | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | %1.6 |
| کۆی گشتی | 16 | 23 | 10 | 4 | 10 | 63 |
| ڕێژەی سەدی% | %25.4 | %36.5 | %15.9 | %6.3 | %15.9 | %100 |

خشتەی (3) ئەوەمان نیشان دەدات کە سامپڵی توێژینەوەکە زۆربەیان ئەزموونی کارکردنیان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا لە ساڵێك زیاترە بە ڕێژەی 74.6%. ئەم ڕێژەیەش یارمەتیدەرێکی باشە لە ووردتر دەستنیشان کردنی خاڵە ئەرێنییەکان پراکتیزەکردنی ئەپڵیکەیشنەکانی گووڵ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی.

خشتەی (4) ڕادەی بەگرنگ زانینی بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی

| ڕادەی لەگەڵ بوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر بەگرنگی دەزانم | 42 | %66.7 |
| بەگرنگی دەزانم | 19 | %30.2 |
| بەگرنگی نازانم | 1 | %1.6 |
| هیچ گرنگییەکی نییە | 1 | %1.6 |
| نازانم | 0 | %0 |
| کۆی گشتی | 63 | %100 |

خشتەی (4) ئەوەمان نیشان دەدات کە زۆرینەی بەرپرسانی دڵنیایی جۆریی کۆلێژو بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی بە گرنگ دەزانن و بەڕێژەی 96.9%.

خشتەی (5) ڕادەی گونجاوی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی

| ڕادەی لەگەڵ بوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر گونجاوە | 23 | %36.5 |
| گونجاوە | 35 | %55.6 |
| نەگونجاوە | 3 | %4.8 |
| زۆر نەگونجاوە | 1 | %1.6 |
| نازانم | 1 | %1.6 |
| کۆی گشتی | 63 | %100 |

خشتەی (5) نیشانی دەدات کە زۆرینەی بەرپرسانی دڵنیایی جۆریی کۆلێژو بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ بە گونجاو دەزانن بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی و بەڕێژەی 92.1%، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانە هیچ تێچوویەکی دارایی پێویست نییە و هەموو زانکۆ و پەیمانگەیەك دەتوانن بەخۆڕایی و بێبەرامبەر لەم ئەپڵیکەیشنانە سوودمەند بێت.

خشتەی (6) ڕادەی ئاسانی فێربوون و بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنانەی گووگڵ، بۆ کارەکانی دڵنیایی جۆریی

| ڕادەی لەگەڵ بوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر ئاسانە | 13 | %20.6 |
| ئاسانە | 44 | %69.8 |
| ئاسان نییە | 4 | %6.3 |
| زۆر ئاڵۆزە | 0 | %0 |
| نازانم | 2 | %3.2 |
| کۆی گشتی | 63 | %100 |


لە خشتەی (6) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی بەرپرسانی دڵنیایی جۆریی کۆلێژو بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین پێیان وایە فێربوون و بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکان گووگڵ لە بەڕێوەبردنی کارەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا ئاسانە و بەڕێژەی 90.4%، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ هاوشێوەی پرۆگرامەکانی (مایکرۆسۆفت ئۆفیس)ن فێربوون و بەکارهێنانیان بۆ مامۆستایان ئاسانە و دەکرێ بەماوەیەکی کەم بە زۆربەی کرداره بنەڕەتییەکان ئاشنا ببن.

خشتەی (7) ڕادەی کارئاسانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی

| ڕادەی لەگەڵ بوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| زۆر كارئاسانی كردووە | 27 | %42.9 |
| تا ڕادەیەك كارئاسانی كردووە | 35 | %55.6 |
| كارئاسانی نەكردووە | 0 | %0 |
| كارەكانی ئاڵۆزكردووە | 0 | %0 |
| نازانم | 1 | %1.6 |
| كۆی گشتی | 63 | %100 |

خشتەی (7) ئەوەمان نیشان دەدات، كە زۆربەی ئەندامان و بەرپرسانی دڵنیایی جۆریی كۆلێژو بەشەكان پێیان وایە بەكارهێنانی ئەپڵكەیشنەكانی گووگڵ بۆ كارەكانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی كارئاسانی كردووە، ڕێژەی 98.5% بە ئەرێنی وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.





هێڵكاری (1)

سەبارەت بەشێوازی ئاسانكارییەكان لەم هێڵكارییەدا بەپێی وەڵامی لێتوێژاوەكان، ئاسانكاریەكانی بەكارهێنانی ئەپەكان، بەسەر 8 شێوازی ئاسانكاریدا پۆلێنكراوە، ڕێژەی هەر یەك لەو شێوازی ئاسانكارییانەش لە هێڵكارییەكەدا ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی (8) ڕادەی سوود وەرگرتن لەو سیمینارو وۆركشۆپانەی كە بۆ بەئەلیكترۆنی كردنی دڵنیایی جۆریی ئەنجام دراون

| ڕادەی لەگەڵ بوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| زۆر | 51 | %80.9 |
| كەم | 10 | %15.9 |
| زۆر كەم | 0 | %0 |
| هیچ | 0 | %0 |
| نازانم | 2 | %3.2 |
| كۆی گشتی | 63 | %100 |

لە خشتەی (8) بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو سیمینار و وۆرێكشۆپانەی كە بۆ بەئەلیكترۆنی كردنی دڵنیایی جۆریی ئەنجام دراون ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە لە ڕاهێنانی بەرپرس و ئەندامانی دڵنیایی جۆریی كۆلێژو بەشەكان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەكە بەشێوەیەكی سەركەوتووانە، سەبارەت بەو ڕێژەی 3.2% كە بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە ئەو ئەندامانەی دڵنیایی جۆریی نەیانتوانیوە لە كۆبوونەوەو وۆركشۆپەكان بەپێی پێویست ئامادەبن.



هێڵکاری (2)

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی، لە وەڵامی لێتوێژراوەکانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەکە لە 4 هۆکاری سەرەکییدا پۆلێنکراوە، بەوشێوەیەی لە هێڵکارییەکەدا ڕێژەی هەریەك لە هۆکارەکان ڕوونکراوەتەوە.

**دەرئەنجامەکان**

لەم توێژینەوەدا توێژەران بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتن:

1-هەموو زانکۆو پەیمانگەیەك دەتوانن بێ بەرامبەر و بەخۆڕایی سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ ئێجوکەیشن وەربگرێت.

2-ئەنجامدانی پرۆسە کارگێڕییەکانی دڵنیایی جۆریی بەهۆی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵەوە کارئاسانی زۆر فەراهەم دەکات بەتایبەتی لە ڕووی کۆکردنەوەی داتا پێویستەکان، لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی پرۆسەکە، لە کەمکردنەوەی ئەگەری هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندن ئەنجامەکانی پرۆسەکە، لە پێشکەشکردنی گازاندە لەسەر ئەنجامی پرۆسەکە، لە زیادکردنی شەفافیەت لەپرۆسەکە، لە خێراتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، هەروەها لە هاندانی مامۆستا بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم.

3- کەڵک وەرگرتن لە ئەپڵیکەیشنی درایڤ وادەکات کە داتاکان بەشێوەکی باشترو پارێزراوتر هەڵبگیرێن و ئەرشیف بکرێن، بەجۆرێك کە دەستڕاگەیشتن پێیان زۆر ئاسانترە، پێویست بە بەکاربردنی ئەو هەموو دۆڵاب و بۆکسفایل و کاغەزە نەکات.

4- بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ لە پرۆسە کارگێڕییەکانی دڵنیایی جۆرییدا، وادەکات ئەنجامەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی ووردتر و دروستتر و شەفافانەتر بێت، کە ئەمەش ئاسودەیی زیاتر بە مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی دەبەخشێت.

5-فێربوون و بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ بەلای مامۆستایانەوە ئاسانەوە، دەکرێ مامۆستایان لەڕێگەی ئەنجامدانی سیمینار و خولی ڕاهێنان و ئەو فایلە فێرکارییانەی کە لەوێبسایتی دڵنیایی جۆریی خراونەتەڕوو بە بەردەوامی دەتوانن فێری ببن.

6-چەند ئاستەنگ و بەربەستێك لە بەئەلیکترۆنیکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریدا هاتوونەتەپێش کە ئەوانیش بریتین لە ئاستەنگە تەکنیکییەکان کە مەبەست لە (فەراهام نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرە)، ڕاهێنانی مامۆستایان لە دروستکردنی وێبسایت و داخڵ کردنی ئەو زانیارییانەی کە لەپرۆسەی دڵنیای جۆریدا داواکراوە، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری مامۆستایان بۆ بەدەمەوەهاتن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی وەك پێویست نییە، جگە لەوانەش کاریگەری قەیرانی دارایی و کەمکردنەوەی مووچە ئاستەنگێکی دیکەیە کە مامۆستایان وەك پێویست بەدەم پرۆسەکەوە نەیەن.

**ڕاسپاردەکان**

1- پێشنیار دەکەین سەرجەم زانکۆو پەیمانگەکان وێبسایتەکانیان بە سیستمی گووگڵ ئیجوکەیشن پەیوەست بکەن، تاوەکو بتوانن سوود لە سەرجەم ئەپەکان وەربگرن. باشتر وایە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو زانکۆو پەیمانگانە بکەن کە سیستمی گووگڵ ئیجوکەیشن بەکاردەبەن.

2- سەبارەت بەچۆنییەتی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ، پێشنیار دەکەین وۆرکشۆپ و ڕاهێنان بۆ سەرجەم مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی سازبکرێت، تاوەکو مامۆستایان بە باشی ئاشنای بەکارهێنانی ئەم ئەپانە ببن.

3- پێشنیاردەکەین زۆرتر هانی هەڵگرانی نازناوی زانستی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەو مامۆستایانەی کە بینە بەرپرس لە دڵنیایی جۆریی کۆلێژو بەشەکان. هەروەها واباشترە کە شارەزایی پێویستیان دەربارەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ هەبێت و بەخواستی خۆیان بەشداری پرۆسەکە بکەن و ئامادەییان لە کۆبوونەوەکان هەبێت.

4-پێشنیار دەکەین لە پرۆسە کارگێڕییەکانی دڵنیایی جۆرییدا سوود لە ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ یان هەر سیستمێکی هاوشێوەی گووگڵ وەربگیرێت، بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی داتا پێویستەکانی پرۆسەکە و ئەرشیف کردنیان، هەروەها لە هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی و تۆمارکردنی گازاندە لەسەر ئەنجامی پرۆسەکە.

4-چارەسەری ئەو گرفت و ئاستەنگانەی بەردەم بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی، بەپێی توانای زاڵبوون بەسەریاندا بەهەند وەربگرێت، تاوەکو هەنگاوەکان بەدروستی ئەنجام بدرێت.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: کتێب**

1-الرحيلي، تغريد(2013): اثر استخدام بعض تطبيقات جوجل التربوية في تدريس المقرر تقنيات التعليم في تحصيل الدراسي والذكاء الاجتماعي والاتجاه نحوها لدى طالبات جامعة طيبة، رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، كلية التربية.

2- السيد عبد العزيز البهاوشي وسعيد بن حمد الربيعي(2008): ضمان الجودة في التعليم العالي، عمان: دار المسيرة، طبعة الثانية.

3-د.محمد رباعية(2015): توظيف تطبيقات جوجل في العميلة التعليمية في جامعة القدس المفتوحة الفرص و التحديات، المؤتمر الدولي التعليم العالي المفتوح في الوطن العربي تحديات و فرص.

4- منجي عزمي محمود غانم(2016): أثر استخدام تطبيقات جوجل في تنمية اكتساب طلبة الصف السادس في المدارس الحكومية في محافظة طولكرم للمفاهيم العلمية واتجاهاتهم نحو تقبل التكنولوجيا، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية.

**دووەم: تۆڕی ئینتەرنێت**

5-اكرم مصطفى: تطبيقات جوجل في التعليم ، مجلة التعليم الالكتروني , العدد6, 2016

http://emag.mans.edu.eg/index.php?page=news&task=show&id=107

6- موقع عرب ويب ديزاينر: ماتعني كلمة دومين

https://www.arab-web-designer.com/what-is-domain-name

7-Google for Education. (2015a). John monash science school courses go virtual with google apps for education. Retrieved from Google for Education: http://goo.gl/2LarGn

8-G. Genilloud & A. Wegmann(2000): "A New Definition for the Concept of Role, and Why it Makes Sense", Ninth OOPSLA Workshop on Behavioral Semantics, northeastern university, Minnesota, USA.

**دور استخدام تطبيقات (G-Suite) في تنظيم عملية ضمان الجودة؛ جامعة صلاح الدين-أربيل أنموذجا**

**ملخص**

ليس هناك شك في أن التكنولوجيا تتطور في العالم النامي ضمن المنتجات الجديدة والتوسع في التطبيقات المختلفة، وخاصة مع هذه التطبيقات التي تعمل على الانترنت. توفر هذه التطبيقات للمستخدمين قدرة موسعة في ربط وتخصيص التواريخ المشتركة. ومع زيادة هذه التطبيقات في معظم البلدان المتقدمة، اضطرت الجامعات والمعاهد إلى ترتيب مهامها بالشبكة المناسبة للتكنولوجيا الحديثة. وبهذه الطريقة يمكن للجامعات والمعاهد تحديث البيانات والمعلومات مهنيا. وبالإضافة إلى ذلك، يمكن استخدامه في إدارة العمليات الأكاديمية والعلمية. يوضح هذا البحث دور استخدام تطبيقات (G-Suite) في إدارة ضمان الجودة، جامعة صلاح الدين-أربيل أنموذجا. هدفت هذه الدراسة إلى معرفة أراء أعضاء ضمان الجودة في اقسام و الكليات بجامعة صلاح الدين-أربيل. ومعرفة الفرص التي تساهم في توظيف تطبيقات (G-Suite) في العملية ضمان الجودة للجامعة والتحديات التي قد تعترض توظيف هذه التطبيقات .

من أجل تحقيق أهداف البحث استخدم الباحثان استمارة الاستبيان و المقابلة ذات الاسئلة المفتوحة أداة للبحث لملاءمتها لهذا النوع من البحوث، وقد قابل الباحثان (63) عضوا من الاعضاء ضمان الجودة من كلا الجنسين، موزعين على أقسام وكليات جامعة صلاح الدين-أربيل. وأظهرت النتائج إلى أن معظم أعضاء ضمان الجودة في جامعة صلاح الدين-أربيل يؤيدون توظيف تطبيقات (G-Suite) في عميلة ضمان الجودة للجامعة. وفيما يتعلق بالعقبات التي تعترض توظيف تطبيقات كوكل في عميلة ضمان الجودة فتمثلت بالمعوقات التكنيكية، وكذلك قلة إهتمام أستاذة الجامعة بالالتزام بمتطلبات ضمان الجودة. وأخيرا، يقدم البحثان مجموعة من الاستنتاجات والتوصيات باستخدام تطبيقات كوكل لكي تتمكن المؤسسات التعليمية في توظيف تطبيقات كوكل بالطريقة الصحيحة  في تطوير إدارة ضمان الجودة.

**The role of G-Suite application for practicing the Administration Process of Quality Assurance; Salahaddin University as a Sample**

## Abstract

There is no doubt the technology has been developed in the developing world within new products and expansion of various applications, especially with these applications the work has been onlined. These applications provide the users an expanded ability in connecting and allocating shared dataes. With increasing these applications of the most of the grown countries, the universities and instituted were obliged to arrange their tasks with the network appropriate to recent technology. In this way the universities and the institutes can update their data and information professionally. In addition, it can be used in administrating academic and scientific processes. The research demonstrates the role practicing Google education which is known as (G-Suite) in executing the quality assurance process of the universities. In which, Salahaddin University-Erbil was used as an example. This process could be done with the assistance of the principle and members of the colleges and departments of the Salahhadin University. In order to approach these goals the applications offer to manage a better process of quality assurance at colleges and departments within collecting data and information.

In addition to clarification and evaluating the data, the lecturers can archive their activities and save their information confidently and electronically. The study will be conducted with qualitative and quantitative methods. Over and above, to validate this research, the relevant qualitative data was gathered from 63 members of quality assurance committees at Salahhadin University who has a position in this field with both sexes. The result showed the ability of Google education and the use of it to demonstrate a better role of quality assurance for the universities and institutes. Lastly, the research represents the results and suggestions of the use of the Google education in order the educational institutions can achieve the benefits of Google education in the right way.

**فۆرمی ڕاپرسی سەبارەت بە ڕۆڵی پراکتیزەکردنی ئەپڵیکەیشنەکانی (G-Suite) لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا زانکۆی سەلاحەدین بەنموونە**

1-ڕەگەز: ( )نێر ( )مێ

2-نازناوی زانستی: ( )پرۆفیسۆر ( )پرۆفیسۆری یاریدەدەر ( )مامۆستا ( )مامۆستای یاریدەدەر

3-ئاستی کارکردن و بەرپرسیارێتیت لە دڵنیایی جۆریی:

( )بەرپرسی دڵنیایی جۆریی لەسەر ئاستی کۆلێژ ( )بەرپرسی دڵنیایی جۆریی لەسەر ئاستی بەش

( )بەرپرسی دڵنیایی جۆریی لەسەر ئاستی زانکۆ

4-ساڵانی ئەزموونی کارکردن لە دڵنیایی جۆریی؟

( )یەك ساڵ ( )دوو ساڵ ( )سێ ساڵ ( )چوارساڵ ( )لە چوار ساڵ زیاتر

5-تا چ ڕادەیەك بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بەهەنگاوێکی گرنگ دەزانی؟

( )زۆر بەگرنگی دەزانم ( )بەگرنگی دەزانم ( )بەگرنگی نازانم ( )هیچ گرنگییەکی نییە ( )نازانم

6-تا چ ڕادەیەك پێت وایە ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ گونجاوە بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی؟

( )زۆرگونجاوە ( )گونجاوە ( )نەگونجاوە ( )زۆر نەگونجاوە ( )نازانم

7-تا چ ڕادەیەك پێت وایە فێربوون و بەکارهێنانی ئەو ئەپڵیکەیشنانەی گووگڵ، کە بۆ کارەکانی دڵنیایی جۆریی بەکارتهێناوە، بەلاتەوە ئاسانە؟

( )زۆرئاسانە ( )ئاسانە ( )ئاسان نییە ( )زۆر ئاڵۆزە ( )نازانم

8-تا چ ڕادەیەك پێت وایە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گووگڵ، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی دڵنیایی جۆریی کارئاسانی کردووە؟

( )زۆر کارئاسانی کردووە ( )تا ڕادەیەك کارئاسانی کردووە ( )کارئاسانی نەکردووە

( )کارەکانی ئاڵۆزکردووە ( )نازانم

9-ئەگەر وەڵامی پرسیاری 8 بە ئەرێنی بوو، کارئاسانییەکان لەکام بوارە؟ (دەتوانی لە بژاردەیەك زیاتر دەستنیشان بکەی)

( )لە کۆکردنەوەی داتا پێویستەکان ( )لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان ( )لە پێشکەشکردنی گازاندە

( )لە کەمکردنەوەی ئەگەری هەڵەکردن لە ئەنجام و هەڵسەنگاندن ( )لە ئەرشیف کردنی داتاکان

( )لە زیادکردنی شەفافیەت لەپرۆسەکە ( )لە خێراتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە

( )لە هاندانی مامۆستا بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ( )هەموو ئەوانەی سەرەوە

10-تا چ ڕادەیەك پێت وایە ئەو سیمینارو ووۆرکشۆپانەی کە بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی ئەنجام دراون، زانیاری پێویستییان لەبارەی پرۆسەکەوە پێداویت؟

( )زۆر ( )کەم ( )زۆرکەم ( )هیچ ( )نازانم

11-ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە لە بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی هاتنە پێش دیارییان بکە. (دەتوانی لە بژاردەیەك زیاتر دەستنیشان بکەی)

( )ئاستەنگە تەکنیکییەکان (فەراهەم نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر)

( )ئاستەنگەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە دروستکردنی وێبسایت و پڕکردنەوەی زانیارییەکانیان

( )ئاستی ڕۆشنبیری مامۆستایان بۆ بەدەمەوەهاتن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی

( )کاریگەری قەیرانی دارایی و کەمکردنەوەی مووچە

( )هەموو ئەوهۆکارانەی پێشتر

12- وەك ئەندامێکی لیژنەی دڵنیایی جۆریی، سەرنجی خۆت لەبارەی بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بخەرە ڕوو: